
FURMAN UNIVERSITY'S




روانگەی جۆراوجۆر لە سەر بەرپرسیارەتی ژن لە کۆمەڵگەدا

# ئافرەتان تاچەند هەست بە بەرپرسیاریەتی لە کۆمەڵگەدا دەکەن؟

**لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی کە لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە لە ژێر ناوی جیهانگیری و مودێرنیتە و یەکسانی و مافی مرۆڤ و بوونیان بە پاڵپشتێك بۆ رۆڵی ئافرەت و بەشدارییان شان بە شانی پیاو لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و یاساییدا وایکرد ئافرەتان هاوتای پیاوان لە هەموو بوارەکاندا رۆڵیان هەبێت، کۆمەڵگەی کوردیش بێبەش نەبووە لە کرانەوەی بە رووی جیهاندا و ئافرەتانیش لەو کۆمەڵگەیە بە پێی توانا و هەست و درك کردنیان بە بەرپرسیاریەتی، هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی تەنانەت لە جومگە هەستیارەکانی کۆمەڵگەشدا بەشدارییان هەبێت و بێنە مەیدانی ململانێ و جێبەجێکردن و گەیاندنی ئەو پەیامەی هەڵیانگرتووە لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە جیاوازی رەگەزی، واتە سەرەڕای رێگرییەکانی داب و نەریت و بەها کۆنەکان و چەندین کۆسپی جۆراوجۆر بە رێژەیەکی باش لە دام و دەزگا فەرمی و حکوومییەکان و تەنانەت لە ناو حزب و ناوەندە ناحکوومییەکانیش بەشدارییان هەیە، بەڵام بە رێژەیەکی کەمتر لە پارتە سیاسییەکان و دام و دەزگا نافەرمی و مەدەنییەکان دەردەکەون، هەرچەندە بە یاسا ئاسانکارییان بۆ کراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا بەشداری زیاتریان تەنانەت لە درووستکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنیش هەبێت. بەڵام بەرپرسیاریەتی ئافرەت لە کۆمەڵگە چییە؟ ئایا ژنان هەست بەم بەرپرسیاریەتیە دەکەن و دەتوانن خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئەقڵی خۆیان بکەن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**


گوڵان: کۆمەڵایەتی





د. چنار سەعد عەبدوڵڵا:

**کەمتر ئافرەتان بۆ ئەوە پەروەردە دەکرێن کە رۆڵی کەسانی بەرپرس و باڵا بگێڕن بەتایبەتی لە دەرەوەی سنووری ماڵ، ئەم چەشنە پەروەردەکردنە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا باوە، وای لە ئافرەت کردووە کە سنووری کار و جموجۆڵی فکری خۆی زۆر بەرتەسک بکاتەوە**



جوان عەبدوڵڵا:

**ئافرەت ئەگەر خۆی بە کەم سەیری تواناکانی خۆی نەکات و بڕوای بە رۆڵی خۆی هەبێت لە کۆمەڵگە، ئەوکاتە هەست بەو راستییە دەکات کە تا چەند لە ئاست کۆمەڵگەکەی بەرپرسیارە**

سەرەتا د. چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە باس لە بەرپرسیاریەتی ژن لە کۆمەڵگە دەکات و دەڵێت: «ئافرەت وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی مرۆیی، زۆر بەرپرسیاریەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەرشانە، بەڵام جۆری بەرپرسیاریەتییەکانی بەپێی جۆری کۆمەڵگە و قۆناغی پێشکەوتنی ژیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.» نموونەشی بەوە هێناوە کە «لە قۆناغی کۆیلایەتیدا ئافرەت تەنیا وەك کۆیلە و موڵکی پیاو سەیرکراوە، رۆڵی ئەو لە خزمەتکردن و تێرکردنی لایەنی غەریزی پیاو کورت کراوەتەوە. لە قۆناغەکانی دیکەدا وێڕای ئەو رۆڵانە وەك هێزی کار بەشداری لە پرۆسەی ئابووری خێزان و کۆمەڵگەدا هەبووە.» وتیشی: «تا چەندە کۆمەڵگەکان زیاتر پێشکەوتوون و کرانەوەی زیاتریان بەخۆوە بینیوە و ماف و ئازادییەکانی تاك بایەخی زیاتری پێ دراوە، رۆڵ و کاریگەری ئافرەتیش زیادی کردووە. ئەو گۆڕانکارییە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کوردستانیش هەر راستە. لەمڕۆدا ئافرەتان وەك ئەندامی پارتی سیاسی، مامۆستا و پەروەردەکار، فەرمانبەر، ئەندامی پەرلەمان، میدیاکار و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یاساناس و بازرگان و لە گشت بوارەکانی ژیان رۆڵ دەبینن، هەرچەندە دەبێ ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە وێڕای گۆڕانکارییەکان رۆڵی ئافرەت تا ئێستا لەگەڵ رۆڵی پیاوان هاوسەنگ نەبووە. کەواتە ئەو فرە رۆڵ بینینەی ئافرەت لە ئەمڕۆدا بەرپرسیاریەتییەکەی قورستر دەکات لە بەهێزکردنی رۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و.. تادوایی. د. چنار سەعد لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بەشێك لە ژنان کە تاکی هۆشیارن، دەرك بە بەرپرسیاریەتی خۆیان دەکەن، تەنانەت هەستیش بەوە دەکەن کە لە ئێستادا ئەرك و بەرپرسیاریەتی قورسیان لە ئەستۆدایە، بەڵام رادەی هەستکردنەکە رێژەییە و هەمووو بە یەك ئەندازە هەست بەوە ناکەن.» هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «کەمتر ئافرەتان بۆ ئەوە پەروەردە دەکرێن کە رۆڵی کەسانی بەرپرس و باڵا بگێڕن بەتایبەتی لە دەرەوەی سنووری ماڵ، ئەم چەشنە پەروەردەکردنە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا باوە، وای لە ئافرەت کردووە کە سنووری کار و جموجۆڵی فکری خۆی زۆر بەرتەسك بکاتەوە، هەم لە رووی بەرپرسیاریەتییەوە کە زیاتر خۆی بەرپرس دەزانێت بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی هەم لە رووی ئەرك و هەوڵەکانی. ئەمە وایکردووە کە زۆربەی ئافرەتان، کەمتر هەوڵی چالاکی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان بدەن، کەم بایەخ بە بواری فکری و خۆ پەروەردەکردن بدەن، تمووح و خولیای کاری سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییان لاواز بێت، کە لە ئەنجامدا هۆکار بووە بۆ پێشنەکەوتنی کۆمەڵگە.»

جوان عەبدوڵڵا مافناس و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنییە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «شارستانیەت و پێشکەوتن لە هیچ زەمەنێکدا تەنیا بە پیاو نەکراوە، بەڵکو هەمیشە دەست و بازووی ژن یارمەتیدەر بووە لە هەر هەنگاوێکی ژیاندا و مێژووش شایەتحاڵە لەسەر ئەمە.» وتیشی: «ئەو جیاوازییە فیسیولۆجییەی کە باسی دەکرێت لە جیاوازییەکی سەرەتایی زیاتر هیچی تر نییە. بەو واتایەی ژن و پیاو تەنیا لە رووی هێزی مەچەك و بازوو لە یەکتر جیان، ئەمەش شتێکی سەرەتاییە و تەنانەت لە نێوان پیاو و پیاویش ئەم جۆرە جیاوازییە هەیە.»


جوان عەبدوڵڵا رایوایە: «هەر مرۆڤێك لەم کۆمەڵگەیە خاوەن بەرپرسیاریەتییەکە و بە پێی توانا و پسپۆڕی خۆی دەبێت رۆڵ بگێڕێت و لە کۆمەڵگەدا ئەرکی خۆی



بەجێ بگەیەنێت»، وتیشی: «بیرۆکەی دابەشکردنی بەرپرسیاریەتییەکان لەسەر بنەمای رەگەز بیرۆکەیەکی نادرووست و ناشارستانییە، لەبەر ئەوەی ژن و پیاو دوو رەگەزی تەواوکەری یەکترن و لە هیچ کاتدا ناکرێ یەکێك بەسەر ئەوەی دیکەدا فەرز بکرێت، بۆیەش هەر کاتێك کە ماف و ئەرکەکان نایەکسانانە دابەش دەکرێن، راستەوخۆ ئەم هاوکێشەیە کێشەی گەورەی تێدا دەردەکەوێت.» ئەوشی دووپات کردەوە کە «ئافرەت ئەگەر خۆی بە کەم سەیری تواناکانی خۆی نەکات و بڕوای بە رۆڵی خۆی هەبێت لە کۆمەڵگە، ئەوکاتە هەست بەو راستییە دەکات کە تا چەند لە ئاست کۆمەڵگەکەی بەرپرسیارە.» وتیشی: «بەرپرسیاریەتی ژن تەنیا ئەوە نییە ماڵ بەڕێوە ببات و منداڵ بەخێو بکات. دیارە لێرەدا مەبەستم کەمکردنەوەی رۆڵی ژن نییە لە خێزاندا، چونکە ژن لە مەسەلەی پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنی تاکێکی سوودبەخش بە کۆمەڵگە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، ئەمەش راستییەکی نکۆڵی لێ نەکراوە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە توانای ژن تەنیا لەسەر ئەمە کورت ببێتەوە و رۆڵەکەی لێرە کۆتایی بێت. ئەگەر ژن خۆی خۆی ژێردەست نەکات و بڕوای بەوە هێنا کە لە رووی ژیری، هزر، پێشکەوتن، هێزی کارکردن، توانا و لێهاتوویی هیچی لە پیاو کەمتر نییە، ئەو کاتە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و درك بە جۆری ئەو بەرپرسیاریەتییەکەش دەکات کە دەکەوێتە ئەستۆی لە کۆمەڵگە. لە لایەکی دیکەوە بە کەم سەیرکردنی ژن و جیاکردنەوەی لە پیاو لە رووی تواناوە، ئەوە بۆچوونێکی کۆنی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە کە تا ئێستا و لەم سەردەمە پێشکەوتووەشدا بەداخەوە باوی ماوە و پێویستە بەرەنگاری ئەو بۆچوونە نەریتییە بکرێت».

گەشاو تەڵعەت جەوهەر چالاکی بواری مافی ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دنیای ئێستادا ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان لە ناو کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان رۆڵ دەبینن، هاوکات ئەو پرسیارە دەکات کە: تاچەند ژنان جێگەی متمانەن بۆ بە دەستهێنانی پۆستە سیاسی و هەستیارەکان؟ سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش دەڵێت: «ئافرەتانی زۆر لە ئێستادا بەشدارن لە پێگەی جیاواز لە ناو کۆمەڵگە و تەنانەت پێگەی بەرزی سیاسیش، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆریان لەو ئاستە فکرییە بەرزەدا نین، کە بتوانن نوێنەرایەتی ئافرەتان بکەن، یان لەشوێنی خۆیان رۆڵێکی کارامە ببینن، ئەوەش تەنیا ئافرەت ناگرێتەوە، چونکە بەشێکی زۆری پیاوانیش لەو ئاستەدا نین کە لە شوێنێکی هەستیار، یان لە شوێنی بڕیاردەرکردن بن، ئەویش بە هۆی ئەو سیستمە ناتەندروستەی کە لە ئێستادا لە کوردستان کاری پێدەکرێت، کە بەداخەوە پێگەکانی حکومەت لە رووی بەڕێوەبردن و یاسادانان دەبێت لە نێوان پارتە سیاسییەکان دابەش بکرێت، ئەوەش وادەکات کەسی شیاو زۆر بە کەمی لە شوێنە هەستیارەکان دابنرێت، چونکە بابەتەکە لەسەر پشکە، نەك کوالیتی کەسەکان کە تا چەند بۆ پۆستەکان شیاون».

ئەم چالاکەی بواری مافی ئافرەتان هاوکات رەخنە لە ئافرەتان دەگرێت و دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی کوردی هیچ یاسایەك، یان هیچ لایەنێکی سیاسی نابینین رێگە لە ئافرەتان بگرێت بۆ گەشەپێکردنی تواناکانی، کەچی بەشێکی زۆر کەم لەو ئافرەتانە دەبینین کە لە پێگە جیاوازەکان و لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵ دەگێڕن، ئەوەشی هەیە کەمتریان لێکدانەوە و بۆچوونی خۆیان هەیە و زۆربەی هەڵگری بیر و رای ئازادی خۆیان نین، هەتا خوێندنەوەی جیاوازی خۆیان هەبێت بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی کە کۆمەڵگە رووبەڕووی



گەشاو تەڵعەت جەوهەر:

**ئافرەتان لە ئێستادا بەشدارن لە پێگەی جیاواز لە ناو کۆمەڵگە و تەنانەت پێگەی بەرزی سیاسیش، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆریان لەو ئاستە فکرییە بەرزەدا نین، کە بتوانن نوێنەرایەتی ئافرەتان بکەن**




دیمەن محەممەد بایز:

**ئافرەت نابێت خۆی لە چواردیواری ماڵدا قەتیس بکات و لەم سەردەمەدا پێویستە شانبەشانی پیاو کاریگەری لە سەر داهاتی خێزان هەبێت**



د. مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا:

**گوتراوە ئەگەر بتەوێ کومەڵگەیەک بناسی، ئەوا هەوڵ بدە ئافرەتەکانی بناسی، چونکە ڕەوڕەوەی ژیان بە بێ ئافرەت ناتەواوە**



کۆسار کەریم:

**هەرگیز ئەوە ڕوونادات کە پیاو لەمپەر نەبێت لە ئاست هەوڵەکانی ئافرەتاندا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، بەڵام لەو بوارەشدا تەنیا پیاوان ڕێگر نین و زۆر جار ئافرەتانیش خۆیان دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی خودی خۆیان**

دەبێتەوە» گوتیشی: «پەروەردەکردن لە کۆمەڵگەی کوردی و لە ناو خێزانەکانەوە بە جۆرێکە بە بەراورد لەگەڵ کوڕ، ئافرەت وەك بەرپرسیار سەیرناکرێت کە ئەرکی داهاتووی لەسەر بێت. ئەمەش وایکردووە ئافرەت دووربخرێتەوە لە بەشداربوون لە بنیادنان و درووستبونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست بە هاوکاری ئافرەت و پیاو، بۆیە لێرەدا ئێمە ڕۆڵی کاریگەری ئافرەت زۆر بە کەمی دەبینین لەسەر دەورووبەر، یان ئەو شوێنەی کە کاری تێدادەکات.»

دیمەن محەممەد بایز بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێك باس لە ڕەوشی ئافرەتان دەکەین، پێویستە بارودۆخی ئافرەتان پۆلین بکرێت لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەم شێوەیە دەتوانین قسە لە سەر بەرپرسیارەتی ئافرەت بکەین لە کومەڵگە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین. ئینجا لە هەر کۆمەڵگەیەکیش بە جۆرێك هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. لە کۆمەڵگەی خۆمان کە کۆمەڵگەیەکی کوردەوارییە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆنەوە کۆمەڵێك دیاردەی کۆن بوونیان هەبووە کە کاریگەری نێگەتیڤی نەك تەنیا لەسەر ئافرەت، بەڵکو لە سەر تەواوی کۆمەڵگە هەبووە، ئەویش بەهۆی ئەو کۆت و بەند و داب و نەریتانەی لەسەر ئافرەت سەپێندرابوو، وای لە ئافرەت کردبوو کە هەست بە ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی خۆی نەکات.» گوتیشی: «یەکەم بەرپرسیارەتی ئافرەت لە کۆمەڵگە بریتییە لە بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوە بردنی ماڵەوە بە شێوەیەکی تەندروست کە نەوەیەکی ڕێکوپێك بەرهەم بهێنێت بۆ کۆمەڵگە، لەم ڕووەو دەتوانین دایك بە یەکەم قوتابخانەی مرۆڤایەتی دابنێین، چونکە ئەگەر تاکێك تەندروست و ڕۆشنبیر بێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو دروست دەبێت. جگە لەوەش ئافرەت شان بە شانی هاوسەرەکەی دەتوانێت جگە لە کاروباری ماڵەوە، کاری دەرەوەی ماڵیش بەڕێوەببات.»

دیمەن محەممەد باسی گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە دەکات و دەڵێت: «ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی لە ڕووی ئابوورییەوە گرتۆتەوە، کاریگەرییەکی زۆر و هەمەجۆری لەسەر کۆمەڵگە بەجێهێشتووە و چەندین بەربەرەکانێی تازەی لێکەوتووەتەوە.»، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئافرەت نابێت خۆی لە چواردیواری ماڵدا قەتیس بکات و لەم سەردەمەدا پێویستە شانبەشانی پیاو کاریگەری لە سەر داهاتی خێزان هەبێت، وتیشی: «خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە و توانای کارکردنی داوەتێ . هەروەها لەچوار چێوەی نێودەوڵەتی مافپەروەری و گەشەپێدانی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژنان و گەشەپێدان جەخت دەکەنە سەر پێویستی و نیازی کۆمەڵگە بە کاری ئافرەت و تواناکانی، بۆیە دەخوازن ئافرەتان لە مافی کارکردن و داهاتی دارایی و لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن. بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە، بەشێکی زۆری ئافرەتان خۆیان گرینگی بە کاراکردنی خۆیان لە بواری ئابووری نادەن و هەست بەو بەرپرسیارێتییە پیرۆزە ناکەن. لە ڕووی سیاسەت و دەسەڵاتیشەوە ئەگەر سەیری ئافرەت بکەین، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر ئەو جیاوازییە فکرییەی کە کاری کردۆتە سەر ئافرەتان و تا ڕادەیەك خۆیان لەم بەرپرسیارێتییە بێدەنگ کردووە، جا چ لە شوێنی بڕیاردان دەترسن، یاخود ئەو کۆت و بەند و دابونەریتە میراتگرییانەی کە وای لە ئافرەت کردووە تا ئێستاش دەستپێشخەر نەبێت بۆ پەرەپێدانی بڕیاردان و دەسەڵات و بەرپرسیارەتی، دەنا لە سەردەمی ئێستادا بواری زۆر بە ئافرەتان دراوە بۆ ئەوەی کار بکەن و بڕیاردەر بن، تا ڕادەیەکی زۆریش مافەکانیان دەستەبەرکراون و تەنیا پێویستی بە هەوڵ و کەسایەتی خودی ئافرەت هەیە.»

لە لای خۆیەوە د. مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، قسەکانی بەمجۆرە و بە پەندێك دەستپێکرد: «گوتراوە ئەگەر بتەوێ کومەڵگەیەك بناسی، ئەوا هەوڵ بدە ئافرەتەکانی بناسی، چونکە ڕەوڕەوەی ژیان بە بێ ئافرەت ناتەواوە. ئافرەت هاوسەرە، دایکە، خوشکە، کچە و...هتد، هەر یەکێك لەمانە بزوێنەری کاریگەرن بۆ بنیادنان و دارمان، چونکە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەسەر شانە، پەیامی ئافرەتان لە خێزانەوە دەستپێدەکات کە هەردەم هەوڵدەدات پەروەردەیەکی دروستی لەناو خێزاندا هەبێت، جگە لەوەی پێوەندییەکی باش لە نێوان تاکەکاندا فەراهەم دەکات، تەنانەت لە قوتابخانەشدا وەکو مامۆستا پەروەردەیەکی باشی خوێندەڤانەکانی دەکات و هانیان دەدات هەمیشە بە دوای زانیاریدا بگەڕێن و دژایەتی نەزانین بکەن، ئافرەتانی سەرکەوتوو تەنیا ئەرکیان لە ماڵەوە نییە، نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە ئافرەتانی سەرکەوتوو میللەتی سەرکەوتوو بەرهەم دێنن، کەواتە ئەوان زیاتر بەرپرسیارێتی گرنگیان لە ئەستۆدایە و کۆمەڵگەش تەنیا لە پیاو پێکنەهاتووە، لەم سەردەمەشدا کە سەردەمی جیهانگەرییە، باری ئابووری خراپ و نەخوێندەواری و ستەم کاریگەرییان لەسەر ئافرەت دروستکردووە، لێرەوە ئەرکی سەرشانیانە بەپێی سەردەم هۆشیارانە مامەڵە بکەن و ڕۆڵیان لە پاراستنی کەلتوور و ڕۆشنبیری وڵات هەبێت و بەشداربن لە سەرجەم کایەکانی ژیان و ڕۆڵیان هەبێ لە پرۆسەی ئامادەکردن و پەروەردەکردندا، چونکە هەر ئافرەتە ڕۆڵی سەرکەوتووی هەیە لە بەڕێوەبردندا.»

کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجومەنی کاروباری خانمان ڕایوایە: «هەرگیز ئەوە ڕوونادات کە پیاو لەمپەر نەبێت لە ئاست هەوڵەکانی ئافرەتاندا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، بەڵام لەو بوارەشدا تەنیا پیاوان ڕێگر نین و زۆر جار ئافرەتانیش خۆیان دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی خودی خۆیان. هەروەها کەلتوور و داب و نەریت گرفتی سەرەکین. بێگومان ئەگەر کێشەوگرفت و تەنگ و چەڵەمەکان ڕێگەبدەن، ئافرەتان ئەو توانایەیان هەیە خوێندن تەواو بکەن و ببنە خاوەنی ئابووری خۆیان. لەم کاتەدا کاریگەرییان دەبێت لەسەر گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانی کومەڵگە لەسەر یەکسانی ڕەگەزی و جۆری کۆمەڵایەتی»

بەرپرسیاریەتی ئافرەت لە کۆمەڵگە چییە؟ ئایا ژنان هەست بەم بەرپرسیاریەتیە دەکەن و دەتوانن خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئەقڵی خۆیان بکەن؟


خانزاد سەعدی لە بۆردی چاودێری مافەکانی ژنان - سەربە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە: «هەموو تاکێك لە ناو کۆمەڵگەدا دوور لە جیاوازی رەگەزی ئەرك و مافی هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا ئافرەت هەمیشە رۆل و کاریگەرێتی هەبووە و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ گرتووە و ئەرکی سەرشانی جێبەجێکردووە. لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردوو بەرپرسیاریەتی ئافرەت رۆژ بە رۆژ و بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم قورستر بووە و تا دێت ئەو ئەرکەی لە ماڵ و کار و دەوروبەری زیاتر دەبێت. ئافرەتی ئەمڕۆ جگە لەوەی لە ناو ماڵدا وەك دایك و خوشك و هاوسەر رۆل دەبینێ و رێکخەری سەرەکیی پڕۆسەی خێزاندارییە؛ لە هەمان کاتدا لە دەرەوە کارمەند و بەرهەمهێنە لە هەموو بەش و بوارەکاندا یاریدەدەری بژێوی رۆژانەیە و داهاتی بەدەستە. ئافرەتی ئەمڕۆ سیاسەتوان و دەسەڵاتدارە لە حکومەت و پەرلەمان، پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و شەڕڤانە و بەرگری لە خاك و وڵات دەکات، ژنی کورد لەلایەك شەهید دەبێت و لەلایەکی دیکەش بە دەستی هەندێك پیاوی دواکەوتوو ئەشکەنجە دەدرێ و دەکوژرێ. بێگومان ژنانێکی زۆر هەست بەو بەرپرسیاریەتییە دەکەن و بەردەوامن لە خەبات و بەرخۆدان، ژنان دەڕژێنە سەر شەقام تا بڵێن: ئێمە لێرەین و دەنگمان هەیە. ئافرەتێکی زۆر ئەمڕۆ توانجیان لێدەدرێ و ناو و ناتۆرەیان بۆ هەڵدەبەسرێ، کەچی کۆڵ نادەن، لە بەر ئەوەی بڕیاریان داوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دەستی ئەوان بێت. ئەو کار و چالاکییانەی ئافرەت دەیکات، بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و پاراستنی مافی تاك و باشترکردنی رەوشی خێزانە لە کۆمەڵگەدا. زۆربەی ئافرەتان لەوە گەیشتوون کە پیاو نالێ: فەرموو ئەوە مافەکانت، بەڵکو تا بۆی بکرێ رێگری لێ دەکات. بۆیە هەموو ئافرەتێك دەبێت ئەوە بزانێت کە ماف وەرناگیرێ بەڵکو بەدەستدەهێندرێ. ئێمەی ئافرەت دەتوانین کاریگەر بین ئەگەر دەنگمان خستە پاڵ دەنگی یەکتر، ئەگەر هەوڵی کەمکردن و سڕینەوەی یەکترمان نەدا، ئەگەر یەکترمان قەبووڵ کرد بە هەموو جیاوازییەکانمان. ئەگەر ئەوانەمان کرد، دەتوانین رۆڵمان لە پیاوان کاریگەرتر بێت و ئەو وێرانکارییەکانی کە لەسەر دەستی پیاوان دروست دەبێت، ژنان دەتوانن دووبارە بونیادی بنێنەوە.

سەمیە سەعید خالید مامۆستای بەشی سۆسیۆلۆژی لە زانکۆی دهۆك، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئافرەت بۆ گۆڕینی وێنای ناڕاستەقینەی چی کردووە؟ ئایا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان هەڵبگرێ؟ دەڵێت: «دوای ئەو کرانەوە رۆشنبیرییەی کە لە رێگەی فاکتەرە بابەتی و خۆییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، تا ئاستێك پرسی ئافرەت بەرەوپێشەوەچووە، بێگومان لەو هەوڵانەی کە دراون و لەو هەنگاوانەی کە هەڵگیراون ئافرەت دوورەپەرێز و کاراکتەرێکی دابڕاو نەبووە، بەڵکو توێژێکی پێوەندیدار بە پرسەکە بووە، سەرەڕای ئەوەی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان جووڵە و بەشدارییە کاراکانی ئافرەتی خنکاندووە، کەچی ئافرەت لە گۆڕینی عەقڵییەتی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یەکسانی لە خەباتکردندا زۆر جددییە، ئەوەش بۆ ئەوەیە مافەکانی وەکو مرۆڤێك بەرجەستە بێت و زاڵ ببێت بەسەر هەموو جۆرە ستەمێکی کۆمەڵایەتی لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی.» گوتیشی: «سەرەڕای گەیشتنی ئافرەت بە پۆستی باڵا و گێڕانی ئەو رۆڵەی کە پێشتر پێی نامۆ بووە، وێڕای تێکەڵبوونی چەند ئافرەتێك بە کاری سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دەبینین ئەو ئافرەتانەی توانیویانە بارودۆخی خۆیان بگۆڕن، لە چاو ئافرەتانی کۆمەڵگەکەمان ژمارەیان زۆر کەمە، تەنانەت ئەوانەش کە پلە و پۆستیان بە دەنگی خودی ئافرەت و میللەت بە دەستهێناوە، ئەو دەنگدەرانەی کە باوەڕیان بە تواناکانی ئافرەت لەبەرامبەر گۆڕینی عەقڵییەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئافرەتەی پێشدەکەوێت و بایەخی پێدەدرێت کە لە رێگەی حزبەوە بۆ وەرگرتنی پۆست دەستنیشان کراوە، لە کاتێکدا هەرگیز بەبێ پشتگیری حزبەکەی دەنگی دەستناکەوێ، دیارە ئەو جۆرە ئافرەتانەی کە تەنیا بە پشتیوانی حزب بوونەتە خاوەن پلە، بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان بیرکردنەوەیەکی نێرانەیە و ناتوانن ئەو سنوورە بشکێنن کە پێشتر کۆمەڵگە لە گوێڕایەڵی کردنی پیاو بۆی کێشابوون، کەواتە ئەو ئافرەتانە ناتوانن لە بەرامبەر داکۆکیکردن لە قەزیەی ئافرەت مەوقفیان هەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ناتوانێ بگاتە ئاستی بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر پرسی خۆی و هاوڕەگەزەکانی بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازاد و شەرەفمەندانە بژیێت، هەموو ئەوانە بۆ چەند هۆکارێکی جەوهەری دەگەڕێنەوە سەرەکی ترینیان بڕوا نەبوونی ئافرەت بە کاری سیاسی و تێکەڵاوبوونی بە سیاسەتە، چونکە پێیانوایە سیاسەت گۆڕەپانی یاریکردنی نێرەکانە، هۆکارێکی دیکە بریتییە لە کەم هۆشیاری ئافرەت بەرامبەر گرنگی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان بە نوێنەری راستەقینەی خۆیان. ئێمە ئەمڕۆ چەند ئافرەتمان بە توانای خۆیان پۆستی باڵایان بە دەستهێناوە، چەند ئافرەتمان بوونەتە رەمزی خەبات لە دژی رقی کۆمەڵایەتی پیادەکراو لە بەرامبەر ئافرەت، چەند پەرلەمانتاری ژن بە هۆی تاوانەکانی شووشتنەوەی ناموس لە پەرلەمان کشاونەتەوە، هەموو ئەوانە دەلالەتی ئەوەن کە تاوەکو ئێستاش ئافرەت نەگەیشتۆتە ئاستی پێویستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر گرنگترین پرسی مرۆڤایەتی کە پاراستنی مافی چینێکی لاواز و زولملێکراوەکانە کە ئەوانیش ئافرەتن، ئەو چینەی کە بوونەتە قوربانیی پەروەردەیەکی هەڵە کە ئافرەتی بە ئامێری چێژبەخشین چواندوە، نەك بە مرۆڤ».



خانزاد سەعدی:

**دەتوانین رۆڵمان لە پیاوان کاریگەرتر بێت و ئەو وێرانکارییەکانی کە لەسەر دەستی پیاوان دروست دەبێت، ژنان دەتوانن دووبارە بونیادی بنێنەوە**



سەمیە سەعید خالید:

**ئەو جۆرە ئافرەتانەی کە تەنیا بە پشتیوان حزب بوونەتە خاوەن پلە، بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان بیرکردنەوەیەکی نێرانەیە و ناتوانن ئەو سنوورە بشکێنن کە پێشتر کۆمەڵگە لە گوێڕایەڵی کردنی پیاو بۆی کێشابوون**